عەمار حەکیم ئیدانەی کردەوە تیرۆریستیەکەی شاری کرمانی ئێران دەکات

ئەمە چوارشەممە، سەرکی رەوتی حیکمەی نیشتمانی سەید عەمار حەکیم، کردەوە تیرۆریستییەکەی شاری کرمانی ئێرانی ئیدانە کرد.

سەید حەکیم لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: بە توندترین شێوە کردەوەی تاوانکاریی تیرۆریستی لە شاری کرمانی ئێران کە بە دەیان قوربانی مەدەنی لەکەوتەوە، ئیدانە دەکەین و لە خودای مەزن دەپاڕێینەوە روحی شەهیدەکان شاد بکات و شیفای بریندارەکان بدات.

سەید حەکیم ئاماژەی بە ئەوەشکرد: پرسەو سەرەخۆشی خەمان ئاراستەی ڕەبەری شۆڕشی ئیسلامی و حکومەت و گەلی ئێران دەکەین و هاوخەمی خەمان لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان دەردەبڕین، هەروەها جارێکی دیکە داوای لە کەمەگەی نەودەوەتی و بەتایبەت ئەو وڵاتانە کرد کە بە بەڵای تیرۆریزم زیانیان بەرکەوتووە، هاوکار و هەماهەنگ بن بە وشککردنەوەی سەرچاوەکانی دارایی تیرۆر و سنووردارکردنی کاریگەرییەکانی لە ناسەقامگیرکردنی ئاسایش و سەقامگیریی گەلان.